# چاك هێشتا بەخێرە

عەلی مەحموود محەمەد

www.anfal.be

پێش چەند ڕۆژێك برای خۆشەویست كاك محەمەد غەفوور لە نوسینێكدا فاتیحای ماڵئاوایی بۆ چاك خوێند , كەچی چەند ڕۆژ پاشتر , ڕێك شەوی شەمەی ڕابردوو , هەمان بەڕێز لە كۆبونەوەیەكی داخواروی پارتەكەی "حككع "لەسەر تۆڕی پاڵتاك بەشدار بوو , یەكێك لە برگەكانی كۆبونەوەكەیان هەوڵوێستی چاك و دەستپێشخەرییەكانی بوو لە ئە نجامدانی چالاكی دژ بە لەشكركێشی توركیا بۆ سەر كوردستان , لێرەوە سەرزەنشتی خۆیانیان كرد لەوەی پاش 11 ڕۆژ لە دوای چاكەوە فریا كەوتوونە چالاكی دژ بە لەشكركێشی توركیا ئە نجام بدەن و هەوڵوێست بنوێنن , ئەوان نازانن نهێنی سەركەوتنی چاك لەوەدایە هەمیشە زوو دەستپێشخەر بێت نەك لاسایی كەر .

دیارە حككع و چاك بە دوو تەسەور و بۆچوونی جیاوازەوە دژ بەو لەشكركێشیەن , چاك بە هەڵوێستی كوردستانیانەو داكۆكی لە سەروەری كوردستان و پاراستنی ژیان و سەری گەریلا و دووبارەنەبوونەوەی ژینۆسایدێكی دیكە لە هەمبەر كوردی پارچەیەكی دیكە و دژ بە شەڕو لەشكركێششییە بۆسەر كوردستان , هاوكات چاك دژ بە شەڕ و ئە نجامدانی ژینۆسایدە بەرامبەر بە هەر نەتەوەیەكی دی , وەلێ كاری سەرەكی بۆ كوردە , لێ حككع لە ڕوانگەی دژ بە شەڕەوە هەڵوێست وەردەگرێت , توركیا لە هیتیشەوە بهاتبایە نەك كانی ماسی هەمان هەڵوێستی دەبوو , لە بیرمان نەچێت چاك ڕێكخراوێكی ژینۆسایدی كوردییە لەسەر تاكی مرۆڤی كورد كاردەكات , هاوكات لەبەرامبەر كێشمەكێشە سیاسییەكانی ناوخۆی كوردستان تەنها لایەنگری لە مافی كەسوكاری قوربایان و دادگایی تاوانباران و دوبارەنەبونەوەی ژینۆساید و پاراستنی مافی مرۆڤی كورد و ئازادی تاك دەكات , نەك پارت و ئایدۆلۆژیای سیاسی دیاریكراو .

نەك تەنها تەسەورەكەی كاك حەمە غەفوور بۆ چاك هەرەسی هێنا , تەسەوری هەموو ئەوانەشی پێشتر خەونی زەردو سەوزیان بە لاوازی چاكەوە بینی , وایان دەزانی بە نووسین و بلاوڤۆكەكانیان چاك كۆتایی پێدێت , بە وشەكانیان لە چالاكی دەكەوێت .

لە دوای چالاكییەكانی چاك پاش قەیرانە ناوخۆییەكەی , چالاكییەكانی یادی قارنێ و كەمپینی پاكسازی لیستی شەهیدان و خۆپیشاندانە سەرانسەرییەكان دژ بە تۆپبارانی ئێران و خۆپیشاندانە مەزنەكانی دژ بە توركیا كە چاك لایەنێكی دیار و چالاكیان بوو , خۆپیشاندانەكان بۆ ئازادی هیواو عەدنان , هەڵمەتی بایكۆتی شمەكی توركی و .... , لە

هەڵوێست نواندن و خەت دان بە شەقام هەمیشە پێشەنگ و دەستپێشخەر بووە , دەرکەوت چاك هێشتا بخێر , چاك بە چالاکییەوە جوانە , چالاکییەکان لە کویٚ بن , چاك زیندووەو هەر لەوێیە , هیوادارم کاك حەمە غەفوور و هەموو کاك حەمەغەفورەکان , پەلە نەکەن لە خوێندنی فاتیحا بۆ چاك , جیهان شوێنی هەمووانی تێدا دەبێتەوە , دەردەکانی ئەم گەلەش ئەوەندە زۆرن بەشی هەموان دەکات کاری لەسەر بکەن , ئەگەر بمانەوێت بۆ گەل و نیشتمان و مرۆڤایەتی کاربکەین .